# شەوی سەری ساڵ لە ڕانیە

بەشی ڕاگەیاندنی سەنتەری چالاکی گەنجانی ڕانیە لەشەوی ٢٠٠٣/١٢/ ١/٣١ لەهۆڵی ناوەندی ڕانیەی کوران هەڵسا بەسازدانی ئاهەنگێکی خێزانی کەتێیدا زیاتر لە ٥٥ خێزان بەشداریان تێداکرد کە



پێشتر لەلایەن سەنتەرەوە مێزو ڕازاندنەوەی هۆڵەکەیان بۆ بەرجەستەکراو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی تایبەت بۆ گەنجەکانی تر دیاری کراو بوو کەڕێژەیەکی زۆری گەنجانی تێدا ئامادە بوون پرۆگرامی ئاهەنگەکە بریتی بوو لە چەندین بڕگەی هونەری هەمەجۆر لەوانە پێشکەش کردنی چەند گۆرانی و مۆسیقا کە گەنجی هونەرمەندی شارەکە بەژداریان تیدا کردبوو لەگەڵ داری کریسمس کەبەڕازانەوەیەکی جوان ڕوخسارێکی گەشی بەئاهەنگەکە دابوو هەروەها لە ڕێگەی پرسیارو وەڵامەوە میوانان بەژداریان لە پرۆگرامی ئاهەنگەکەدا دەکرد دواتر کۆڕاڵێکی کۆمێدی پێشکەش کرا کە لەلایەن (حمە شوان کریم)وە ئامادەکرابوو ئەم کۆڕاڵە بریتی بوو لەچەند بڕگەی کۆمیدی لەوانە گۆرانی تەقلید ،جیهانی بورجەکان ،گۆرانی داواکراو دوابەدوای ئەوەو چەند دەقەیەکی

پێش هاتنی ساڵی نوێ پانتۆمایمێك نمایش کرا کە ٤ کچ و ٢ منداڵ بەژداریان کرد ئەم پانتۆمایمە لەلایەن (فریاد عبدالرحمن )ەوە ،ئامادەکرابوو کە بریتی بوو لە سەماو جوڵەی جەستە کەبەشداران بەجلی کوردیەوە گوزارشتیان لە پیرۆزبای لەساڵی نوێ دەکرد هەرلەچوارچێوەی بڕگەکانی ئاهەنگەکە لە پێشبڕکێیەکی نێوان مێزەکان و چەند جۆرێك لە هەڵپەڕکێ و شایی کوردی پێشکەش کرا دەبێت بگوترێ کە ئامادەبوانی ئاهەنگەکە بە شێوەیەکی دیار بەشداریان لە پرۆگرامەکاندا دەکرد بە شێوەیە کەتەواوی ئامادەبوان لەگەڵ چالاکیەکاندا بەژداردەبوون سەرجەم ئاهەنگەکە لە کاتژمێر (٨) یشەو تا (١،٣٠ ) ی دەقەی شەوی خایاند جێی ئاماژەیە سەنتەری گەنجان ئەمە سێیەم ئاهەنگ بوو کەوەك نەریتێك لەشەوانی سەری ساڵدا سازی دەدات

هەرلە چوارچێوەی ئەم ئاهەنگە پیرۆزبای لەکەناڵی کوردسات کرا کەلەهەمان شەودا یادی دامەزراندنی بوو .

